# دۆخی کۆمەڵگا لە ڕوانگەی میتافۆری کۆمەڵایەتی (زیگمۆن باومان)دا

**حیکمەت نامیق عەلی**[1]

[1]بەشی کوردی، کۆلێژی پەروەردە-مەخمور، زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر، هەولێر، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

ئەم توێژینەوەیە تاوتوێی کێشەی پەیوەندییە وەسفییەکان و ئەو سیستەمە میتافۆرانە دەکات، کە کۆمەڵناسی بەناوبانگی پۆڵەندی (زیگمۆن باومان Zygmunt Bauman)، بۆ ڕێکخستن و دەستنیشانکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی مرۆڤ لە ئێستادا بەکاریهێناوە. هەروەها دەڕوانێتە پرۆسەی گواستنەوەی هێماو میتافۆرە گشتییەکانی وەک: شل "توانەوە" لەنێو میتافۆری توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان و تیۆریزەکردنی، هەروەها ئەو توێژینەوەیە کار لەسەر توانا شاراوەکانی وەسفکردن، لەدوتوێی دۆخی گۆرانکارییەکانی نێو دیسپلینی کایەی توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکات.

**کلیلە وشەکان:** میتافۆری شل، دوای مۆدێرنیتە، دوای سەرمایەداری، پێکەوەیی میتافۆر، ڕەخنەی تیۆری کۆمەڵایەتی.

**Article Info:**
**DOI:** 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24
**Received:** 26-July-2022
**Accepted:** 21-Aug-2022
**Published:** 29-June-2023
**Corresponding Author's E-mail:**
hikmatnamiq@gmail.com

This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەکی:

گرفتی توێژینەوەکە تایبەتە بە گرنگیی وەسففکردن و شیکاریی پێکهاتە و سیستمی میتافۆر، کە لەنێو تیۆرە کۆمەڵناسییەکان بۆ فۆرمەڵەبون و پێکهێنانی دیدگای تیۆری کۆمەڵناسیی نوێگەری بەکارهێنراوە، کە بە زەحمەت دەتوانێت گومان دروستبکات، چونکە گرنگیدان بەو بابەتە لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی ڕابردو لەسەر دەستی کۆمەڵناسی بەناوبانگی ئەمریکی (ڕایت میلز) لەژێر ناوی خەیاڵی کۆمەڵناسی دەستیپێکرد. سەرەڕای ئەوەی کە خەیاڵی تیۆری لە توێژینەوە کۆمەڵایەتییەکاندا هەوڵدەدات لە دیدگای ئەدەبی بۆ واقیع و هێما شیعریی و قۆستنەوەکردنی وێنە هونەرییەکان تێپەڕێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەشێوەیەکی بەرفراوان پەنا بۆ بەکارهێنانی یەکە ترۆپۆلۆژییە جۆراوجۆرەکانی وەسف دەبات، مێتافۆر، میتۆنیم و هتد. هەرئەمانەشن کە ئیش لەسەر بنیاتنانی تیۆری وەسففکراو دەکەن، کە نەک تەنها مامەڵە لەگەڵ پارچەپارچەی واقیعی ئەزمونی دەکات، بەڵکو لەسەرەوی هەموشیانەوە مامەڵە لەگەڵ پراکتیکە گوتارییە دیسپلینییەکان دەکات بۆئەوەی کاریگەری بڕواپێکراوی زانستی بدەن بە دەستەوە.

هەم ڕایت میلز لەکۆندا هەم باومان هەردوکیان شوێنی بەیەک گەیشتنیان لەناو پرسە گشتییەکان و گرفتە تایبەتییەکان بو لەنێو کۆمەڵگادا بەمانایەکی دیکە کۆمەڵناسی لای ئەوان وەک کۆکتێلێک وابو تێیدا جۆرێکی تایبەتیان لەم بوارەدا دروستکرد. ئەو جۆرە کارکردنە تەنیا پێویستی و گومانەکانی کۆمەڵناسی نییە، بەڵکو بەرگری خودی کۆمەڵناسیە وەک زانست وەک ڕێگایەک بۆ تێگەیشتنی جیهان لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵناسی هەم تیۆرییەو هەم کاری مەیدانی و ئیمپێریکەڵ پەیوەندیی بە هەمو کایە زانستیەکانی دیکەوە هەیە .

## پرسیاری توێژینەوە

باومان چۆن توانی ئاسۆی بیرکردنەوەی میتافۆر و شیکردنەوەی ژینۆلۆژی بەکاربهێنێ بۆ وەسففکردنی کۆمەڵگای تازەگەری؟ لەڕوانگەی ئەوەوە سروشتی دینامیکییەتی کۆمەڵایەتی بریتییە لە تۆڕێکی نەرمونیانی میتافۆر، کە شێوەیەکی ڕێکخراو و سیستماتیزەکراوی هەیە، بەمەش لەوێوە جەوهەری کێشەکان لەچاوی تیژی ئەو کۆمەڵناسەوە دەدۆزرێتەوە.

خەیاڵی کۆمەڵناسی و زنجیرەی وەسفکردنی نمونە و جۆرەکان، ڕێگەیەک بوە بۆ ئەوەی (زیگمۆن باومان) پەی بە جەوهەری کێشە هەنوکەییەکانی مرۆڤایەتی، لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و تاکەکەسی ببات، ئەمەش پاڵنەرێکی یەکجار گرنگە، بەتایبەتی پرسی تاک، چونکە ئەو کۆمەڵناسە کۆمەڵگای تازەگەری وەک بنەمایەکی هەڵهێنجان reasoningدەبینێت بەشێوەی ڕاستەوخۆو ناڕاستەوخۆ کۆمەڵێک واتاو بنەمای فەلسەفەی ئاکاری بەکاردێنێت. (زیگمۆن باومان) پێیوایە کە ئاکار پرسێکی تاکەکەسی و مرۆڤایەتییە و بەرەنجامێکی کۆمەڵایەتی هەیە، بەو شێوەیە بونی ئەو جۆرە بنەمایە لە دیدی باومان ماریفەیەکی سەرەتایی بەدەستدەهێنێت و لەو ڕوانگەیەوە شرۆڤەی بابەتەکە دەکات. لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئایا کۆمەڵناسی دەتوانێ وەڵامی پێویستی بۆ ئەو ڕاستیە تازانەی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

ئێستای هەبێت، یان هەر لەسەرەتاوە بە توندی ڕەخنەی لێدەگرێ. مۆدێرنەی شل بریتییە لە میتافۆرێکی بەهێزی دۆزەرەوە پشت بە دنیابینیی ڕەخنەیی نوسەر دەبەستێ، هەروەها پرۆژەیەکی مەعریفی بوێرانەیە کە هەوڵدەدات دیاردەی پۆست مۆدێرنە لە دیدگای جیاوازەوە شیبکاتەوە.

ڕێباز و ئاراستەی توێژینەوەکانی (زیگمۆن باومان) سەبارەت بە ئێمە دەبێتە شیکردنەوەی ژینۆلۆجی و بۆچونە وەسفییەکانی میتافۆرە کۆمەڵایەتییەکان، کە بۆ وەسفکردنی دۆخی پێکەوەیی کۆمەڵگای نوێگەری بەکاریهێناوە. ئەوەش خۆی لەخۆیدا گرنگییەکی مەزنی هەیە، بەتایبەتی دوای داهێنان و وەسفکردن و شیکردنەوەکانی بۆ کۆمەڵگا.

خاوەنی کتێبی <مۆدێرنەی شل <تەنیا پلۆت وگرێی ستراتیژی وەسفی بۆ توێژینەوەکانی بنیاتنەکردوە، بەڵکو لەسەر بنەمایەکی لۆژیکی وێنای حەقیقەتی کۆمەڵایەتی بەشێوەی جیاواز بونیاتناوە، هەروەها لە چوارچێوەی سستەمێکی تیۆریی گشتگیردا شێوەی پێداوە.

## میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە کۆمەڵێک میتۆد و ڕێبازی تێدا بەکارهاتوە، گرنگترینیان ڕێبازی ترۆپۆلۆژییە واتە خوازەی گێڕانەوەی کۆمەڵایەتی بۆ دەقەکانی (زیگمۆن باومان)، کە پێگەیەکی گرنگی کۆمەڵایەتی و توخم و ڕەگەزەکانی شیکردنەوەی دیسکۆرسی گێڕانەوە کاریگەری لەسەر تێکستەکان و شیکاری ستراتیژیەتی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە هەیە.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

گرنگیدانە بە میکانیزمی پێکهاتەی میتافوری ئاراستە تیۆرییەکانی زیگمۆن باومان. چەمک و پێناسەی ئە و لەبارەی واقیعی کۆمەڵایەتی ئێستا بریتییە لە (مۆدێرنەی شل) ڕێبازی خوازەی بۆگێڕانەوە دەبێتە بنەمای میتۆدۆلۆژیای کارەکانی، هەروەها شیکردنەوەی وەسفی لە توێژینەوەی تیۆریدا، شانبەشانی توخمەکانی شیکردنەوەی گوتار. لەبارەی گریمانەی توێژینەوەکانی (باومان) لەکارە زانستییەکانیدا، دەکرێ توێژەر بەڕونی ئەوە تێبینی بکات، کە پرۆسەی گواستنەوەی میتافور لە فەرهەنگی زانستە سروشتییەکانەوە بۆ کۆمەڵایەتییەکان لەپێناو فەراهەمکردنی خەسڵەت و تایبەتمەندییە جۆرییەکانە quality، بەشێوەی گونجاو بۆ ئەو ئاراستە تیۆرییانەی کە بەهەندوەرگیراون بۆ دۆخی پێکەوەیی و توانەوەی ژینگەی کۆمەڵایەتی پۆست مۆدێرنە.

## ناوەڕۆکی توێژینەوە:

کارکردنە لەسەر مۆدێرنەی شل و پۆست مۆدێرنە وەک گرنگترین تێکستی باومان لەسەر دۆخی کۆمەڵایەتی و توانەوەی ئەو مادە ڕەقبوانەی کە پێشتر چەسپاوبون بەهۆی دامودەزگا تۆکمەکانی مۆدێرنەی ڕەقەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

## تەوەرەی یەکەم:

## میتافۆری شل:

زیاتر لە بیست ساڵ بەسەر کتێبە بەناوبانگەکەی مۆدێرنەی شلی (liquid modernity زیگمۆن باوماندا تێدەپەڕێ، ئەو بەشێوەیەکی ڕون جیاکاریکرد، لەنێوان مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەدا لەمیانی کۆمەڵێک لێکۆڵینەوەی ڕەخنەییدا و بەشێوەیەکی وردو تازەتر لەکۆمەڵگای ئێستای ڕوانی، بارودۆخی هەنوکەیی کەسێتی کۆمەڵگای مۆدێرنەی شیکردەوە کۆمەڵناسی بەریتانی بەڕەگەز پۆڵەندی(زیگمۆن باومان)، کۆمەڵێک چەمک و زاراوەی داهێنا. (باومان) وایبۆچوە شلەکان بەئاسانی جوڵەیان پێدەکرێ، هەڵدەقوڵێن، تەشەنەدەکەن، لینج دەبن، دەپرژێن، بەرگری دەکەن، دڵۆپە دەکەن، وەک لافاو بەردەوام دەبن و ئاسان نییە بوەستێنرێت، پێچەوانەی ڕەقبون وچەقبەستویی، کە هەندێ بەربەستیان هەیە، لەکاتێکدا هەندێکیان دەتوێنەوە، بەڵام لەلایەکی دیکەوە دزەدەکەنەوە و دوبارە سەرهەڵدەدەنەوە. ئەو هۆکارانە وا لە شلە، یا دۆخی شلبون دەکەن، وێنەیەکی میتافۆری لەباربێت بۆتێگەیشتن لەسروشتی قۆناغی ئێستای مێژویی مۆدێرنیتە، کاتێک ئێمە ویستمان لەکەسێتی ئێستا تێبگەین لە هەمو بوارەکاندا, (Бауман,з ,2008,c.7-8) بەمانایەکی دیکە باومان پێمان دەڵێت مرۆڤ لە دۆخی (مۆدێرنەی شل)دا، هیچ مەرجێکی نییە تەنیا لە نێو ئەزمونی پرۆسەکان دەژێت. بۆیە جوڵەی خێرای مرۆڤ لەنێو دابەشکردنی چینە کۆمەڵایەتییەکان بوەتە فاکتەرێکی زاڵ لەئێستادا.

بۆ سەلماندن و ئەرگومێنتکردنی ئەو میتافۆرە، (باومان)ئاماژە بەوە دەکات، کە لەنێو زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا ، لەمێژە ئەو بابەتە بەکارهاتوە، لایەنی کەم لەساڵی ١٨٤٨میتافۆری کۆمەڵایەتی، لەسەردەمی مانیفێستکردنی حیزبی کۆمۆنیستی (مارکس و ئەنگلز) خراوەتەڕو، زیگمۆن باومان ناوی لێناوە سەردەمی (**توانەوەی ئامێرە ڕەق و چەقبەستوەکان**)، لەنێو کۆنتێکستی پرۆسەی مێژوییدا. (زیگمۆن باومان) ئاماژە بەوە دەکات، کۆمەڵێک بابەت و دیاردە هەن پێویستە ملکەچی توانەوەی کۆمەڵایەتی بن(Bauman, 2000,p7-8). لەپێناو ئازادبونی ڕوحی مۆدێرنیتەدا لەهەمبەر شتە مێژوییە بەسەرچو مردوەکاندا، چونکە لای ئەو لەگەڵبون و دڵسۆزی بۆ نەریتە کلاسیکەکان و ماف و ئەرکەکان، خوگرتنی خەڵک بەوانە زیاتر تەگەرە و سنوردانان لەبەردەم دەستپێشخەری مرۆڤەکان دروستدەکات، ئەوەش دەبێتە هۆی پیشاندانی فۆرمێکی دواکەوتوی" مۆدێرنەی شل". بۆیە باومان دو نەخشە ڕێگای سەرەکی دیاریکرد، کە کاریگەریی بنەڕەتی هەیە لەسەر پرۆسەی توانەوەی دیاردە ڕەق و چەقبەستوەکان(melting solids).

یەکەم: مارکسییەکان دواتر ڤیبەرییەکان، هەریەک لە و دو سۆسیۆلۆژیستە پێشوتر کاریان لەسەر ئەو پێشڤەچونە کۆمەڵایەتییە کرد بۆ نەهێشتن و کۆتایهێنان بە پابەندبونە نالۆژیکی و کلاسیکییەکان، کە کۆسپ و تەگەرەبون لەبەردەم گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و بڵاوبونەوەی ئەقڵانییەتی ژیانی کۆمەڵگا(Бауман 2008. C: 5-8.جەختکردنەوەی زیاتر لەسەر هەژمونی پەیوەندی بیرۆکراسی ئەو بۆچونە ڤیبەرییە لەگەڵ بۆچونی مارکس



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

لەهەمبەر ئاسۆی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتیدا زیاتر کۆک و تەبابو، کە ڕۆڵی سەرەکی بەخشییە ژێرخانی ئابوری، کە بە سەرچاوەی ژیانی کۆمەڵایەتی گشت ڕەهەندەکانی دیکەی سەرخان بەتاکە ئەرک دادەنرێت بۆ دەستبەری کارو بەردەوامبون.

ئەگەرچی باومان ئەوەی دەرخست، کە پەیوەندی سیستمی کۆمەڵایەتی، بەگۆڕانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکانەوە جێگیر و ستاتیکە، لەگەڵ ئەوەشدا پێیوایە دۆخی مۆدێرنە، پاڕادۆکسێکی گرنگی هەیە، وەک پرۆسەی مۆدێرنیتە ڕیشەی ئەو دژبەرییە میراتگری پۆست مۆدێرنەیە، دواتر خودی باومان ئاماژە بەوە دەکات کە زۆرێک لە بنەما خودی و ئەزمونە کەسییەکان و سەرنج و تێبینییەکانم بەشداربون لە چەسپاندنی میتافۆری شل(fluidity) . مارتن جۆی لەوبارەیەوە دەڵێ: شلە لە ژیانمدا کاریگەریی لەسەر شیکردنەوەی مۆدێرنەی شلە هەبوە، هەروەک ئاماژە بەوە دەکات لەنێو ژیانمدا زیاتر لە باڵندەیەک لەنێو جیهانی باڵندەکان هەیە. (وەک ئاگادارن باڵندە هیچ ئاماژەو سەرنجێک لەنێو جیهانی باڵندەناسیدا جێناهێڵێ) لەڕاستیدا ڕەنگە نەتوانم لەنێو دۆخی ئەزمونێکی تێکشاودا سەرنجە بێ بەهاکان تێپەڕێنم، کە دەورو خولیان داوم، ئەو بارودۆخەی کە پیایدا گوزەرم کردوە و بینیومە دەشێ کاریگەری هەبێت.

بەپێی بۆچونی باومان پێویستە ئەو توانا ئەزمونگەرییانەی، کە لەمیتافۆری شلەکانەوە سەرچاوە دەگرن وا لەتوێژەر بکات پێشبینی واقیعی هەبێت، هەروەک بەشێوەی بابەتی دەستنیشانی گونجاو بکات بۆ ئەو دۆخە ناسەقامگیرییەی، کە هەیە. واقیع بەشێوەی ئاڵۆزو نادیار لە ئێستادا بنیاتنراوە، پەیوەندییە شلەکان داماڵراوە و دۆخەکە ناهەموارە، بەتاڵە لە جێگیربونی بنەمای چوارچێوە ئایینی و پێشینە کولتوری و ئاکارییەکان.

خەسڵەتێکی دیکەی سودبەخشی میتافۆری شلە ئەوەیە، کە هەستەوەری، یا پێزانینی بەرانبەر کات هەبێت، ئەوەش پێچەوانەی ئامێرە ڕەقەکانە، کەدەشێ وەسفی بکەین بەوەی ئامرازێکی فێڵبازی داهێنەرە، کاریگەرییەکانی زەمەن هەڵدەوەشێنێتەوە و گرنگییان پێنادات.

سەرباری ئەوەی بەشێوەی فراوان پێکەوەیی میتافۆر ، لەنێو واقعی کۆمەڵایەتیدا پراکتیزەدەکرێت( Bauman,Z, 2006.P, 188

ئاراستەی سەرەکی کۆمەڵناسی ئینگلیزی بەرەگەز بەریتانی بریتییە لە <<توانەوەی مادە ڕەقبوەکان>> لەنێو فەزای سیاسی و ڕۆڵی دەوڵەت لەژیانی مرۆڤدا..بەشێوەیەک ڕۆڵی دەوڵەت لەنێو ڕێکخستنی کۆمەڵایەتییدا کاڵبوەتەوە، ئەوە لە سەردەمی ئێستادا خەسڵەت و فیچەرێکی جێگیرە، واتاو مانایەکی دیکەی دروستکردوە، کە لە ئێستادا ئەو ئامانجەی پێکاوە. یەکێ لە بەرەنجامە سەرەکییەکانی ئەو گۆڕانکارییە ونبونی ئەو هێزەیە، کە توانای پاراستنی پرسی سستەم و ئەجێندا سیاسییەکانی نەماوە(Bauman, zygmunt, 2007.P 160 ).

بابەتی سیاسی لای باومان گرنگییەکی بنەڕەتی هەیە، چونکە بەڕای ئەو پێویستە کۆمەڵگای مۆدێرن چێژ لە خاوەنداریێتی تایبەتمەندییەکانی قورسایی و ڕەقبون لەپێناو نەشونماکردن و دامەزراندنی سیستمی کۆمەڵایەتی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

ئاراستەکراو وەرگریٚ، بەرەو پرسی هاوبەش و ئەو ڕێوشوێنانەی، کە ئەرکی شێوەی ڕێکخستنەکە پێکدێنێت. پێکهاتەی ڕێکخستنەکە لەسەر بنەمای بەرهەمهێنان و ژیانی سیاسی دروستدەبێت، هەروەک ڕۆژانە بەشێوەی گشتگیر ڕۆڵی ناوەندیی دەوڵەتی نیشتیمانیی تازە لەبارەی نەخشەدانان و ئیدارەدان ئەوپەری زیاددەکات، لە هەمو شوێنێک ئەو پرۆژە مۆدێرنەیە ئامانجێکی هزری پێکدەهێنێت، هەروەک چۆن نازییەکان پێڕەوی ماکس ڤیبەریان کرد وەختیٚ مۆدێرنەی ناساند بەوەی ئامرازێکی هزریە، یان خواست و ئارەزوی هەڵبژاردەی باشترین ئامرازە بە کەمترین تێچو زۆرترین کارا، بۆ دەستەبەرکردنی ئامانج.(Бауман 3, 2008. С. 12-10) . سەرباری گۆڕانی ئەو وێناکردنە بە مۆدێرنکردنی واقیعی کۆمەڵایەتی و کەمبونەوەی ڕۆڵی دەوڵەت لە دۆخی پۆست مۆدێرنەدا، (زیگمۆن باومان) بەڕونی تێبینی ئەوەی کرد، کە <<داخورانێکی قوڵ هەیە لەنێو سیستەم وداموودەزگاکاندا>> و ئەم جۆرە پەیوەستە بە کاری کۆمەڵایەتی و گروپ و کۆڕەفتارو کردەوەی سیاسی، لە دوتوێی << قەیرانی هاوڵاتیدا>>. لە ئەورووپای تازەدا هەر سیٚ تۆوی سەرەکییەکەی ژیانی کۆمەڵایەتی تاکەکان بریتین لە (دەوڵەت،-تاک و-ڕای گشتی). جۆن ستیوارت میل لەنامەیەکدا لەبارەی ئازادیەوە ناوی لێناوە ڕوبەڕوبونەوەی توانەوە یا دوبارە بەدڵنیاییەوە ملکەچی توانەوە دەبن( Mill, John Stuart, 1860,P,13 ).

ڕەنگە ئەو هۆکارە بێت وای لە (زیگمۆن باومان) کردبێت بەڕاستی درک بەو دژبەرییەو پاڕادۆکسە سەرەکییە بکات، کە لەسەرەتای سەدەی بیست لەنێو سیستمی سەرمایەداری و ڕێکخستنی کارو سیستمی سۆشیالیستیدا سەریهەڵدا، تایبەتمەندیی و خاوەنداریتییەکانیان لەڕوانگەی باومانەوە پێویستە لەگەڵ پێوەرە گشتییەکانی کۆمەڵگای پیشەسازیی نوێدا هاوتەریب بێت. ئەوەی جێگای سەرنجە زیگمۆن مۆدێلی <<تۆماس کونی>> بەکارهێنا بۆ گواستنەوەی پرۆسەی ڕاگوزەری<< مۆدێرنیتی>> بۆ<< پۆست مۆدێرنیتی >> دۆخی ئێمە هاوشێوەی قەیرانی ئەو مۆدیلانەیە کە تۆماس کون لە شۆڕشی زانستدا وەسفی کردوە( Thomas S. Kuhn, p7-13)، لەگەڵ ئەو لادانە زۆرانەی، کە بەشێوەی خێرا بڵاوبونەتەوە کە خۆی لە کۆمەڵێک دیاردەی ناجۆر دەبینێتەوە، وەک سنوردانان و دیاردەی نەخۆشی، لە ئێستادا سەختە وەک پۆلێنکردنی مۆدێل وەسفی بکەین و بەکاری بهێنین، بۆیە پێویستە ئەو دیاردانە لەجیهاندا بەشێوەی زانستی لە وێنە زانستییەکەیدا جێگایان بکەینەوە(Dennis, smith, ,p615) ئیدی مۆدێرنە چیتر ئەوە نییە، کە ئاشنای بوینەو ناسیومانە و بیرمان لێکردۆتەوە، بەڵکو پێویستە دوبارە بیر لە میراتگیری ئەو ماریفەیە بکەینەوە کە بوەتە پێویستی <<.بیرۆکەی پۆست مۆدێرنە>>، کە پێشوتر گوێمان لێبوە و ئێستا بۆتە خواستێکی کۆمەڵایەتی. هەروەک (دینیس سمیس) ئاماژەی بۆکردوە یەکیٚ لە سێنتەری کارو گێڕانەوەکانی باومان بریتییە لە ڕاگوزەری لە مۆدێرنەوە بۆ پۆست مۆدێرنە، بەپێی بۆچونی باومان کۆمەڵگای بەرخۆری شل، هەنوکە دابەشی دو جیهانی جیاواز بوە، یەکیٚ کیان جیهانی بەرزە، ئەوتریان جیهانی نزمی هاوولاتییە، هەردو جیهانەکە لە جوڵەی بەردەوامی گەشتکردن دان، شوێنی خۆیان دیاریدەکەن توانای بژاردەی شوێنیان هەیە، بەڵام ئەزمونی جیاوازیان لە گەشتکردن و سەفەردا هەیە ئەوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

دۆخی مۆدێرنەی (شل)ی، ئێستایە، کە مرۆڤ بەردەوام لە جێگۆڕکێدایە (Bauman,zymunt:, 2007p. 160.–14--16).

### تەوەرەی دوەم:

لە کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنەدا میتافۆڕە ڕەقبوەکان بەتەواوی دەتوێنەوە ئەرکی دەوڵەت وندەبێت تێیدا کۆمپانیاکان و بازاڕی ئازاد و نیۆ لیبڕالیزم شوێنی دەگرێتەوە شوێن پێی دامودەزگا ڕاگیرەکانی مۆدێرنە ئێجگار کەم دەبێتەوە ئەو گرنگیەی جارانی نامێنێ. ئەو مۆدێلە کارکردنەی مۆدێرنە بەتەواوی بەسەر دەچێ، بۆیە باومان ڕەخنەی قوڵ لەو جۆرە سیستەمەی سەرمایەداری دەگرێت لەژێر ناوی نیو لیبرالیزم مرۆڤ بەردەوام توشی ترسی ڕۆژانە دەبێتەوە هەست بە نیگەرانی دەکات لەژێر سایەی ئەو سیستەمەی کە جیهانگیری لەگەڵ خۆی هێنای دۆخی مرۆڤ لەڕوی کات و شوێنەوە ناهەموار دەبێت.
هەروەها لەم تەوەرەدا کۆمەڵگای کوردی وەک نمونە شیکراوەتەوە بەپێی تیۆرەکەی (زیگمۆن باومان) تێیدا ئەوە نیشاندراوە، کە کۆمەڵگای کوردی مادە ڕەقەکانی خەریکە دەتوێنەوە بەهۆی دەرکەوتنی ڕوکارو ئەدگارەکانی مۆدێرنەی شل و پۆستمۆدێرنەدا .

### دۆخی پۆست مۆدێرنەو میتافۆڕەکان:

ئەگەردەوڵەت سێنتەری کۆمەڵگای تازەگەری و پەیوەندییەکانی بێت ئەوا کۆمەڵگای پۆست مۆدێرنە لای باومان پێک دێت لە شلە و fleeting)) پەرینەوەیەکی خێرای فۆرمەکانی کۆمەڵگا، کۆمەڵگای **تازەگەری** یان مودێرنە لەوەدا بەهەڵەداچوبو بەوەی تەنیا ئاراستەی پێشڤەچونی خودی هزری بێت، لەکاتێکدا کۆمەڵێک ئاراستەی نەگونجاو تەسکبینی لۆکاڵی بەخشی کە باومان ناوی لێناوە پرۆسەی پارچەپارچەبونی کۆمەڵگای پۆست مۆدێرن کە ئەمەش نزیکە لە بەتایبەتمەندێتیکردنی ژیان(privatization)، ( dodd,nigel,1999polity press ,p163).
باومان بەوە ناوەستێ تەنیا واقیعی کۆمەڵایەتی شی بکاتەوە، بەڵکو جەوهەری کارەکانی جەختکردنەوەیە لەوەی کۆمەڵناسی ببێتە بنەمایەک بۆ هاریکاری و دەسنیشانکردن و لێکۆڵینەوەی ئەو تۆڕە گەورە و ئاڵوزانەی، کە لەکۆمەڵگاکانی پۆست مۆدێرنە دروستبون یان لەناو کۆمەڵگا شلەکاندایە، ئەو کۆمەڵگایانەی بەچڕی دەستبەرداری تایبەتمەندیی یەکانگیری unity دەبن بۆ بەرژەوەندی میتافۆری مۆدیرنەی شل. خاڵێکی گرنگ کە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە ئەمیش ئەوەیە بیناکردنی ئەو وێنە کۆمەڵایەتییەی جیهان لای ئەو سۆسیۆلۆژیستە ڕەتکراوەتەوە پێیوایە جیهان جێگیرو ڕاگیرە میژو کۆتایی هاتوە، بەڵکو پێویستە مۆدێلی لیبڕالییەت دوبارە بەشێوەی ڕەخنە ئامێز پێداچونەوەی بۆبکرێت. هەروەها جەخت دەکاتەوە کە هێماو مۆدێلی ڕەفتار پێویست بو وەک خاڵێکی جێگیر و سەقامگیر لەناو فەزای کۆمەڵایەتیدا بەشێوەی بەردەوام هەڵبژێردرابایە، بەڵام لە ئێستادا لە دەست دەرچوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

بەرەنجامی ئەم ڕێبازە دەشـــێ مانیفێســـتێکی ڕون بێت بۆدیدگای توێژەر تاوەکو بەشـــێوازیکی تازە دیمەنی کۆمەڵایەتی، لەسـەر بنەمای نەخشـەڕێگای دژبەری شـیبکاتەوە بەمەبەسـتی هەوڵدان بۆ بیناتکردنی هایراکی نێوان نوخبەی جیهانی. لەســـەر ئەو بنەمایەی کە ســـەرمایەداری لەســـەروی نیشـــتیمانەوەیە پەیوەندی بەژیانی کۆمەڵایەتییەوە هەیە دەوڵەتی نەتەوەش هەرێمەکەی ســـنوردارە لەبەرئەوە بەپێی بۆچونی باومان دانیشـــتوان لەئێسـتادا <<گڵۆباڵکراون>>، سـیمایەکی سسـتەماتیزەکراو و ڕێکخراوی پێوەدیارە، بەڵام دۆخی پۆسـت مۆدێرنە ئێجگار ناهەموارە.

زیگمۆن لە کارە بەناوبانگەکەیدا بەناوی (کۆمەڵگا لەژێر ئابڵوقەدا) بەردەوام گەڕاوەتەوە بۆ شرۆڤەکردنی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و دەوڵەتی نەتەوەیی(Bauman Z. (2002, P.18 ). بەوردو درشـــتی شـــەنوکەویی بارودۆخی دەوڵەتی نەتەوەیی کردوە، تیایدا پێکهاتە (پتەوەکەی) کە کۆمەڵگا بوە ڕوبەڕوی پرۆسەی توانەوەبوەتەوە و بەهۆی کاریگەریی چالاکییەکانی پرۆسەی (جیهانگیرییەوە)بچوک بوەتەوە. لێرەدا بەرەنگاری تازەی سۆسیۆلۆژیا ئەوەیە کە دەســەڵات و ســەروەری چیدیکە پەیوەندی بە دەوڵەتی نەتەوەییەوە نییە، نەک هەرئەمەش، بەڵکو هیچ فۆرمێکی دەزگایی دیاریکراوییان لەو فەزا (جیهانییە) تازەیەدا بەدەســتنەهێناوە… بۆ دۆزینەوە و لێکۆڵینەوەی ئەو پرســـانە، (باومان)، دزە دەکاتە ناو قوڵترین ئاستی ڕاگیرەکانی کۆمەڵگا" بۆ کایەی ڕەوشت و سنورە بڵاوبونەوەییەکان، بۆ هێڵە تەمومژاوییەکان و بناغە لەرزۆکەکانی نەزمی جیهانی مۆدێرن دەدۆزێتەوە، لێرەدا ئەو دەرەنجامەی کە لە دیزاینی توێژینەوەی دەرهاویشـتوەوە دێتە ئاراوە، ئاماژە بە میتافۆرێکی تری سـەرنجڕاکێشـی کیمیایی دەکات، کە دەشـێت بەڕونی بیرۆکەی ئەو سـۆسـیۆلۆژیسـتە. نیشـان بدات کە باس لە شـێوازەکانی پەیوەندی و هەماهەنگی نێوان شـێوەکانی ڕەفتار و کردارە سـیاسـییە بەکۆمەڵەکان دەکات، ئەو فەزای کۆمەڵایەتی دەچوێنێت بە کوپێکی کیمیایی: "ئەو ماددە ڕەقانەی کە نۆرەیان هاتوە پێویســتە فڕێ بدرێنە ناو مەنجەڵەکە و لە ئێســتاوە لە پرۆســەی توانەوەدان لە سەردەمی ئێمەدا، کە سەردەمی مۆدێرنیتەی شلەن(Бауман З. Текучая 2008. С. 12.

گەردونی کۆمەڵایەتی و گەردونی کاتی دو تێرمی بابەتگەریی گرنگن کە باومان کاری لەســـەر کردون، تێیدا کۆمەڵێک زنجیرەی میتافۆرن باومان لە کتێبی مۆدێرنەی (شل) بەکاریهێناون، ئەو بەدو شێواز ڕوانییە ئەو بابەتە. یەکەم: گۆڕانی چەمکی شوێن و کات پشت بە گواستنەوەی خێرا و لەسەرخۆ دەبەستێ، ئەمەش هەستی جوڵەی لە شـوێندا گۆڕی. دوەم: گۆڕانی فەزای گروپە کۆمەڵایەتییەکان و دۆخی شـارە کە ئەمرۆکە نەک هەڵوەشـاوەتەوە بەڵکو سڕاوەتەوە.

دەتوانین بڵێین باومان لە کارەکانیدا جەختی لەسەر بواری گشتی و بواری مەدەنی کردوەتەوە لەهەمانکاتدا کاری لەسـەر ژینگەی شـارسـتانییەت لەناو شـاردا کردوە، بەپێی بۆچونی باومان دۆخی شـارسـتانیەت لەناو مۆدێرنەی (شـل) سـروشـتی خۆی لەدەسـتداوە. بارودۆخێک دروسـتبوە کە باومان ناوی لێناوە{ ترسـی ڕۆژانە} یان نەبونی فەزا لەنێو فەزای شـــاردا. لەپێناو ســـەلامەتی گروپە کۆمەڵایەتییەکاندا ئەو جۆرە شـــوێنانە کۆمەڵێک خەڵکی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

فەرامۆشکراوی لێدەژین، کە هەمیشە لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە هەست بەترس و بەدگۆڕان دەکەن بێگومان ئەمەش مۆدێرنەی شل سەپاندویەتی، بەم شێوەیە شار چیدیکە شوێنێک نییە بۆ شارستانیەت، بەڵکو بوەتە فەزایەک بۆ بەردەوامی ململانێ و وەڕسبون و نائارامی.

هەمان دانیشتوان ئەوانەی، کە خۆیان جیادەکەنەوە لەوانی دیکە لەناو ئەو پارچەپارچەبونەی، کە بارگاوییە لەناو فەزای گشتی کۆمەڵایەتییدا دەیانەوێ خۆیان بپارێزن و دوربکەونەوە لەو جۆرە خەڵکانەی کە بێبەش و فەرامۆشکراون، ئەوانەی ڕێساو پێوەرییان دیاریکراوە لەلایەن چینی سەردەستی کۆمەڵگای شلەوە کەنارگیرکراون، ئەوانەی کە بە گروپی دورخراوە هەژمار دەکرێن وەک کەمینەکان و کۆچبەرەکان و ڕەگەزو ئیتیک. ئەو جۆرە جەمسەرگیرییەی نێوان کۆمەڵگای سەردەست و بێبەشکراو لەدیدی باومان دەبێتە هۆی دوستبونی دو جۆر ژیانکردنی جیاواز هەروەها دەبێتە هۆی لەدەستدانی هونەری ژیانی پێشوی شارستانیەت، لێرەوە ئەو دابەشکارییە بەردەوامەی شلەی کۆمەڵایەتی خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی مۆدێنەی شل. هەروەها جیاکردنەوەی شوێنی ئەو خەڵکە لەیەکتر تایبەتمەندییەکی تری میتافۆری کۆمەڵگای شلە. باومان گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەو پەری سەختە ڕەسەنایەتی تاک بەدیبهێنرێت، چونکە بێبەشکردن و جیاکاریی بوەتە ئاراستەیەکی دەرونی و ترس لەکۆمەڵگای شل، ئەمەش تاک سەرکوت دەکات و ناچاری دەکات ملکەچی دۆخی تازەی کۆمەڵایەتی بێت .bauman, zygmunt, 2000,p93-94

مۆدێرنیتەی شل بریتییە: لە نەخشەسازییەکی نوێ لە چوارچێوەیەکدا دادەنرێت، کە تێیدا گەردونی بەتاڵ پڕ دەبن لە زیادەڕۆیی زانیاری، بەڵام لە هەمان کاتدا، هەستکردنە بە بەهای خاکێکی دیاریکراو لە هەر ڕوانگەیەکەوە بێت، جا چ سەربازی بێت، یان جوگرافی بێت، ئابوری بێت یان هێما، لەدەست دەچێت، ئەوەیە بەرهەمی تازەی شوێن و کات لە ناو مۆدێرنەی شلدا.

بابەتێکی دیکەی ئەو باسە، کە جێگای هەڵوەستە لەسەرکردنە میتافۆری کیمیاییە، کە بەڕونی لەکارەکانی باومان هەستی پێدەکرێت، بۆ نمونە ئەو قسە لەسەر جۆری پەیوەندیکردن دەکات هەروەک ئاماژە بە هەماهەنگی نێوان شێوەی ڕەفتاری تاکەکان و کۆڕەفتاری سیاسی دەکات و پێیوایە فەزای کۆمەڵایەتی هاوشێوەی دەفری توانەوەی کانزای کیمیایی وایە: ئامێرە ڕەق و ڕاگیرەکان لەنێو پرۆسەی مۆدێرنیتەی شلدا، ئێستا کاتیان بۆ توانەوە هاتوە.

یەکێ لە تایبەتمەندییە دیارەکانی لێکۆڵینەوەکانی (باومان) بەگشتی گرنگییدانی بەردەوامە بە ژیانی کۆمەڵگای ئێستا، خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی لە نەخشەڕێگای تاک و بنیاتنانی لەشێوەی گێڕانەوەی گشتگیردا پێکهاتوە، بەو شێوەیە لەتوێژینەوەیەکدا بەناوی (تاکێتی کۆمەڵگا( the individualized society ) کە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت و تێیدا پێشینەی پلەبەندی ئیشەکەی تەرخانکردوە بۆ <<چۆن ئێمە دەژین>> ئێمە چۆن بیردەکەینەوە>>، لەگەڵ <<ئێمە چۆن هەڵسوکەوت دەکەین>>، (bauman zygmunt ,2001,p13-15) ئەو جۆرە ڕێبازو پێڕەوە دەرفەتی ئەوەمان پێدەدات بەردەوام بەشێوەی ورد قسە لەسەر هەمو کایەکانی ڕەفتاری



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و ئاراستە کەلتورییەکان لە هەمو کۆمەڵگا و گروپەکاندا بکەین، ئەگەرچی ئاراستە و مەیلە تازەکانی (زیگمۆن باومان) بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە ڕاستی دۆخی کۆمەڵایەتی ڕۆژئاوا و ئەوروپا دەبەستن، واتە شیکرنەوەکانی زیاتر لە جیهانی کۆمەڵایەتی و کولتوری ئەوروپاوە سەرچاوەی گرتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەپێی ئەو ماتریاڵە باومان گەیشتوەتە ئەنجامێکی دور مەودا و بوێرانە لەهەمبەر ئەو پرسەدا. لەم بارەیەوە خەسڵەتێکی تازەی شیکردنەوەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییە، کە پڕاوپڕە لەواتاکانی دۆخی ئێستا و ناوی ناوە دۆخی تازەی مۆدێرنەی شل، ئەوەش پێچەوانەی فۆرمی توێژەرەوەکانی دیکەیە، کە بە بەردەوامی پرۆسەی شلیان وا وێناکردوە کە بە هیچ فۆرمێکی مۆدێرنەی ڕەسەن قەرەبو ناکرێتەوە، بەڵام بەپێچەوانەوە لای باومان دەشێ ڕاگیربکرێ و دواتر لەنێو شوێنگەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کەسییەکاندا بەهێزبکرێ، هەروەها پێویستە جەخت لەسەر توانەوە بکرێتەوە وەک مەرجێک هەرچەندە (وەک پێشینە خۆی لەخۆیدا سنوری دیاریکراوی نییە) توانەوەی پێشتر بەشێوەی پلەبەندی شوێنی پەیوەندییەکان و دواتر بە چالاکی و ئەکتیڤی ئەو پەیوەندیانەی گرتوە.(https://www.jour.fnisc.ru/index.php/socjour/article/view/5007

لێرەدا پرسیارێک دروستدەبێت ئەویش ئەوەیە:- ئەو بیرۆکەیە چییە، کە باومان وەک ئامۆژگارییەک لە نێو میتافۆرە کۆمەڵایەتییەکەیدا ئاراستەمان دەکات؟ لەڕاستیدا وەڵامەکەی ئاشکراو ڕونە، ئەویش ئەوەیە دەوەستێتە سەر ئەوەی لەبواری دیسیپلینی کۆمەڵایەتیدا تەنیا یەکەیەکی وەسفی گشتگیرو یەکانگیرە، تاکە شتێک کە ئاراستەمان بکات ئەوەیە کە ماریفەو پێزانینێکی تازەی دینامیکییەتی چواچێوەی هزری پۆست مارکسییە. ئەو جۆرە دونیابینیەی باومان وامان لێدەکات دوربکەوینەوە لەو گروپانەی کە ڕەنگە کلاسیکی بن، یان ئەوەتا لەنێو پارادۆکس و دژبەرییە کۆمەڵایەتییەکاندا باویان نەما بێت، هەروەک لە مشتومڕی گەشەکردنی کۆمەڵایەتیدا <<میتافۆرێکی نوێی لە نێو دیاردە کۆمەڵایەتییە باوەکاندا >>هەیە. ئەمەش لای خۆیەوە بوە هۆی دەرکەوتنی میتافۆری تازە بۆ نمایشی خود: ئەو جۆرە ئیمڕۆکە قسە لەسەر ئەندازیاریی و، سەرکردایەتی و هێزو ئیدارە ناکەن، بەڵکو کاریگەریی کولتور و تیم و هاوپەیمانییان بەسەرەوەیە و قسەی لەسەر دەکەن، ئەومیتافۆرە تازەیە لەبارەی سترەکتۆرو بنیاتەوە نییە، بەڵکو لەبارەی تۆڕەکانەوەیە. ڕێزگرتنی کات و ستایلی ژیان و ڕەفتاری تاک بەراورد ناکرێ بە یاریکردنی ئاسنینی ئەوانی دیکە، بەڵکو بە سەماکردنی لەسەرخۆ و پیاسەکردن و گەشت دەبێت. ئەو خورەوشتانە دەبنە هۆی نەگونجاندن و ئاڵوزبون و نادیاری و جێگۆرکی و جیاکاری و پارادۆکسی کۆمەڵایەتی(bauman, zygmun, p69-70). ئەگەرچی بە بۆچونی توێژەر (باومان) لەڕێگای ئەو تیۆرو بۆچونە شیکارییانەوە توانی بنیاتی تیۆرەیەکی تازە لەبواری کۆمەڵناسی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی و گێڕانەوەدا بکات، ئەو هەرزو پێشبینی مۆدێلی تازەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ژیانی ئێستای کرد. هەروەها دوبارە توانی پێشبینی ئایندە لە جیهانی مۆدێرندا بکات، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بەقسەی باومان بەردەوام جێگیر و ڕاگیربون. ئەو سستمانەی کە هەبون لەگەڵ ئەو حکومەت و دەسەڵاتەی کە بەشێوەی توندوتۆڵ سەرپەرشتییان دەکردو



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

ئیدارەیان دەدا، لەئێستادا بەپێی بۆچونی (زیگمۆن باومان) یەکێ لەو یاریکەرانەی کە یارییەکە بەڕێوەدەبەن ڕێساکانی بەشێوەی غەریب و چاوەڕواننەکراو دەگۆڕێت.

## کۆمەڵگای کوردی و ئامێرە ڕەق و شلەکان بەپێی تیۆرەکەی باومان :

بەپێی تیۆرەکەی(باومان) کۆمەڵگای کوردی بەر شەپۆلی ئەو گۆڕانکاریانە کەوتوە کە مۆدێرنە وەک پرۆژەیەکی فیکری ئەوروپا لەگەڵ خۆی هێنای ئەمیش لە ڕێگای تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کە (باومان) ناوی لێناوە ئۆن لاین لێرەدا ئامێرە ڕەقەکانی وەک خێزان و سیستمی کۆمەڵاییەتی بەشێوەی ڕێژەیی لەسەر ئاستی (میکرۆ) بچوک کاری کردۆتە سەر پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە خێزان وەک سیستمێکی ڕەق بو بەرەو شلبون هەنگاو دەنێ چیدیکە ئەو ڕۆڵەی جارانی نەماوە لەسەر پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیدا، بۆیە بەپێی تیۆرەکەی باومان کۆمەڵگای کوردی هەنگاو دەنێ لەسەر ئاستی بچوک بەرەو جیهانی شلەکان و توانەوەی سیستمە ڕەقبوەکان، ئەگەر پێشوتر ئاین و دابونەریت ڕۆڵی هەبوبێ لە ڕاگیرکردنی سیستم و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئەوا لەئێستادا بەپێی تیۆرەکەی باومان بەشێوەی ڕێژەیی چیدیکە خێزان وەک یەکەیەکی گرنگی پەروەردەی کۆمەڵایەتی ڕۆڵی جارانی نەماوە لەبەرانبەردا تۆڕە کۆمەڵاتییەکان و ئامرازەکانی تەکنەلۆژی پۆست مۆدێرنە شوێنی گرتۆتەوە، بیرۆکەی کرانەوەی کۆمەڵگاکان بەڕوی پرۆسەی جیهانگیریدا بەگوتەی باومان لەکۆمەڵگا تازەپێگەیشتوەکان لەنێویشیدا کۆمەڵگای کوردی بەشێوەی نەرێنی ڕەنگی داوەتەوە ئەزمونێکی مەترسیدارە بەتایبەتی لەنێو پانتایی ئەو گروپانەی کە پێشوتر پابەندی نەریتەکان بون یان ئەو کۆمەڵگایانەی دوچاری شوێنکەوتەیی و کلۆڵی و نەهامەتی بونەتەوە باومان ناوی ناوە ملکەچبون (Bauman, z, 2007,p-7)جیهانگیری نەرێنی، کاری ئەوجیهانگیریە هەڵاوێردەی بازرگانی و سەرمایەداری و چاودێریکردن، چەک و توندوتیژی، تاوان و ئیرهاب، ڕێزنەگرتنی سنوری وڵاتانە. لێرەدا کۆمەڵی کوردی ڕوبەڕوی هەڕەشەی دزۆنی وڵاتانی دەوروبەر دەبێتەوە ئەو جۆرە جیهانگیریە بەشێوەی نێگەتیف کاری کردۆتە سەر کۆمەڵگا.

توانەوەی ئەو ئامێرە ڕەقانە لەنێو کۆمەڵگای کوردی چەندین کێشەو گرفتی دەرونی و کۆمەڵایەتی دروستکردوە وەک لاوازی خۆشەویستی ژن و پیاو بەشێوەیەک ئەو گۆڕانکاریانە وای کرد تاکی کورد ڕەچاوی پێویستیەکانی ئابوری بکات لەپرۆسەی هاوسەرگیری نەوەک خۆشەویستی و گونجاندن، هەروەها بەرزبونەوەی ڕێژەی جیابونەوە، نزمبونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیریی و تێکچونی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی دو دیاردەی دیکەی لێکەوتەکانی تیۆرەکەی باومانە لەسەر کۆمەڵگای کوردی و شلبونەوەی دیاردە ڕەق و جێگیرەکان، بۆیە بە دەربرینی توێژەر کۆمەڵگای کوردی پریشکی شەپۆلی ئەو گۆڕانکاریە جیهانیەی بەرکەوتوە بەبەڵگەی ئەوەی کە گروپە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی ڕۆژانە بەشێوەی ئۆن لاین مامەڵە لەگەڵ ئامرازەکانی پرۆژەی جیهانگیری دەکەن بەشێوەیەک کاری کردۆتە سەر یەکەبەیەکەی ڕەفتاری تاک و گروپەکان لەنێو پەیوەندیە کۆمەڵایەتییەکاندا، لەلایەکی دیکەوە کۆمەڵگای کوردی لەنێو دۆخی نائارامی و نیگەرانی و ترس دەژیت بەوەی ئامانج و پلانی



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

دیارنییە هەمیشە جۆرێک لەسەرلێشاواوی پێوەدیارە گواستنەوی مۆدێرنە لە قۆناغی ڕەقەوە بۆ شل دەبێتە هۆی نەمانی پلان و بیرکردنەوە و لاوازبونی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، بۆیە گواستنەوەی خێزانی کوردی لە ڕەقەوەوە بۆ شل دەرەنجامی لاوازبونی ئەو پێکهاتە ڕەقەیە کە پێشتر چەسپاو ڕاگیربو.

(باومان) ئاماژە بەوەدەکات مرۆڤی پۆست مۆدێرن لە دۆخی نائارامی ژیان گوزەردەکات هەمیشە ڕوبەڕوی ترسی شل دەبێتەوە (ترسی شل لای باومان ئەوەیە، کە لەنێو حەوشەی ماڵمان سەرچاوە دەگرێ، تەنها لەیەک شوێن نامێنێ، بەڵکو تەشەنە دەکات و بڵاودەبێتەوە، کێشەی ترسی شل پێچەوانەی ئەو ترسە دیاریکراوەیە، کەتۆ پێی ئاشنای، بەڵام ئەویتر ئەوەیە، کە تۆنازانی کەی ڕودەدات، لەهەرکاتێکدا بێت دێت و یەخەت دەگرێ.)(Bauman, z, 2006,p2-3)

لێرەدا ترس دەبێتە کردەوەیەکی کتوپڕی هەرکاتێک بێت ڕودەدات، بەبێ هۆکارێکی ڕون بەبێ ناونیشانی ڕون، دەست بەسەر مرۆڤ و کۆمەڵگا دادەگرێ، لێرەدا ترس بەپێی بۆچونی باومان دۆخێکی نائارام دروستدەکات بۆ مرۆڤ هەمیشە تێیدا دەژیت ئەو هەستکردنە بە ناهەمواری هەرکاتێک بێت ڕودەدات، چونکە ئێمە بە گوتەی باومان لەنێو جیهانێک دەژین پڕیەتی لە مەترسی ڕودانی دیاردەکان. هاتنی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بە شێوەی چاوەڕواننەکراو، دەرکەوتنی کتوپڕی داعش و کەوتنی سوپای عێراق، هاتنی چەندین نەخۆشی و دیاردەی ترسناک بۆناو کۆمەڵگا، گۆڕانی کەش و هەواو دروستبونی لافاو، گۆڕانی ئەرکی زانست لە نێو کۆمەڵگادا، زۆربونی بزنس و کۆمپانیا و کەمبونەوەی کەرتی گشتی هەمدیسان کۆمەڵگای کوردیان داگیرکردوە بەشێوەیەک ڕۆڵی دەوڵەت و ئەرکەکانی کەمتر بوە هەمو ئەو دیاردانە لێکەوتەی لەسەر کۆی کۆمەڵگای کوردی جێهێشتوە. ئەو جۆرە شیکردنەوانەی باومان پێمان دەڵێ کۆمەڵگای کوردی بەر شەپۆلی گۆڕانکاریە مادی و نامادیەکانی پۆست مۆدێرنە کەوتوە پێکهاتە ڕەق و تۆکمەکانی کۆمەڵی کوردی بەرەو شلبون هەنگاو دەنێت.

## ئەنجام



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

- لەم توێژینەوەدا توێژەر بە شێنەیی پرۆسەکەی شەن و کەو کرد، بەبەکارهێنانی نمونەی شیکاری زانستی هێمایی بۆ واقیعی کۆمەڵایەتی خودی مۆدێرنەی شلی زیگمۆن باومان، بە مەبەستی گواستنەوەی پێکەوەیی میتافۆری کۆمەڵایەتی توانەوە بۆ ناو توێژینەوەی کۆمەڵایەتی و بنیاتنانی کۆمەڵایەتیدا، لەسەر بنەمای زنجیرەی ئەو میتافۆرە و نەخشەڕێگای ئاستەکانی گێرانەوە بۆ بنیاتکردنی تیۆرەیەکی فراوان لە کۆمەڵناسی هاوچەرخدا.
- ئەو توێژینەوە بەگرنگییەوە تیشکی خستە سەر پێکەوەیی ڕەگەزناسی ژینۆلۆژی میتافۆرەکان، هەروەها کاری لەسەر بنەچەو بنەمای ئەو ناوەخنە شیکارییە کرد لەنێو ڕەوشی گۆرانکارییەکاندا، لە دوتوێی دیسپلینی کایەی توێژینەوەی کۆمەڵایەتیدا.

کۆمەڵگای کوردی لەنێویشیدا خێزانی کوردی وەک میکرۆ هەنگاودەنێ بەرەوشلبون و توانەوەی مادە ڕەقەکان.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24

# The state of aggregation of the society: social metaphors Zygmunt Bauman

**Hikmat Namuq Ali**[1]

[1]Kurdish Department, College of Education-Makhmour. University of Salahaddin-Erbil, Erbil, Kurdistan Region, Iraq.

**Abstract:**

This article deals with the problem of studying descriptive constructions and metaphorical orders used by the famous Polish-English sociologist Zygmunt Bauman to determine the actual order of social reality. The process of transformation of the aggregate metaphors "liquid", "fluidity", "melting" into metaphors of social research and theorizing is consistently considered. The article draws attention to the descriptive potential of aggregate metaphors when changing their status in the disciplinary field of social research.

**Keywords:** Z. Bauman, Post-Modernity, Post-Capitalism, "Fluid Modernity", Aggregate Metaphors, Critical Social Theory.



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24**

## سەرچاوەكان:

Bauman, Z (2000) Liquid Modernity, Polity Press

Bauman zygmunt ,the individualized society , usa ,2001

Bauman ,zygmunt ,liquid fear , Fear Cambridge: Polity Press, 2006.

bauman zygmunt ,liquid time : Living in an Age of Uncertainty Cambridge: Polity Press

Bauman Z. (2002). Society under Siege. Cambridge: Polity.

Dennis smith,zygmunt, prophet of post modernity,polity press,1999,cambridge uk.

Dodd,nigel, social theory and modernity ,polity press, 1999uk

Thomas S. Kuhn, the structure of scientific revolution , The Universityo f Chicago

Mill, John Stuart (1860). On Liberty (2 ed.). London: John W.Parker & Son

Бауман З. Текучая современность / Пер. с англ. под ред. Ю. В. Асочакова. — СПб.:2008

Когда обрываются связи: Интервью с Зигмунтом Бауманом / Подготовили А. Де Бовер, Э. Кристалл; Пер. с англ. О.А. Оберемко Социологический журнал. 2017. Том 23. № 1.

Баньковская С.П. Прощальный взгляд на постсовременность: между «свободой» и «безопасностью». Зигмунт Бауман (1925–2017) Социологическое обозрение. 2017, т. 16, № 1,



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper24